## تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer

## وەرگێر لە سوێیەوە: ڕەحمانی سۆفی

### پێشوتە

ڕاپەڕین لە خەوندا بازدانی چەتربازێکە

ئازاد لە گێژ وخولی هەناسە بڕ

ڕێبوار نوقم دەبێ بەرەو مەڵبەنی بەیانێکی سەوز

شتگەل گڕیان لێهەڵدەستێ

ڕێبواری بە هەست تێدەگا،

کە هەڵوێستی لەرزۆکی چەکاوەک

لەهەمبەر نەزمی بەدەسەڵاتی ڕیشەی دارکاژ،

لە هەمبەر گڵۆپی چەرخانی ژێر زەوی، چۆنە

بەڵام لە سەر زەوی وێستاوە سەوزەڵانی

لە ژێر باڵی گەرمای گیان پڕوکێندا

گوێی داوەتە ئاهەنگی نادیاری پۆمپیک

مرۆڤ نوقم دەبێ بەرەو  هاوین

سەرنج دەکشێ بۆ سەمای گڕکانی سەر سوڕهێنەر

بەرێگای سەوزە شێداری تەمەن دا،

لەرزۆک لە ژێر توربینی ڕۆژدا،

بەرگری دەکا لە کۆچێکی ئەستۆنی

لە پشودانێکدا، لە چاوتروکانێکدا،

ماسیخۆرە باڵەکانی ئامادە دەکا بۆ ڕاو

بە سەر ئاوی ڕەواند،

له سەرەتای سەردەمی برۆنس دا،

له دەنگی بێ ئاشتی دا،

له قوڵایی دەریای بێبن دا،

له دەستپێکی کاتی ڕۆژدا،

وەکوو چۆن بەدەست بەردێکی

گەرم بوو هەڵگرێ

به ئاگایی دەتوانی له دنیا تێبگەی

ڕێبوار له ژێر شۆڕەبی دا وێستاوه

بۆی هەیه دوای گوشار

پێش گێژاوەی مەرگ

ڕوناکییێکی مەزن به سەری دا بکرێتەوه ؟

## دورگەگەلی پایزی

## تۆفان

لێره،

له پێش قەڵایکی سەوز ڕەشدا،

له هەمبەر زەریای سێپتەمبەردا،

له پرێکدا،

گەڕۆک توشی پیرەداربەڕویک دەبێ

له چەشنی کەڵەکێوی به بەردبوو،

به تاج بەرزوبەرینی سەرەوه

تۆفانی باکوور هەڵدەکا

وەرزی پێگەیشتنی ترشه گێوژه

هۆشیار لە تاریکیدا گوێی لێیە

پۆلە ئەستێرە ورد دەبن

بە سەر پۆپکی داربەڕودا.

## ئێوارە - بەیانی

تیرەگی مانگ پواوە

بادەوەش چرچ و لۆچ بووە

مانگی خنکاو بە سەر ئاوەوە دەگەڕێ

تەختەسەکۆی چوارگۆشە قورس ڕەش هەڵگەڕاوە

پەتی بەستنەوەش لە تاریکیدا دەرزێ

لە دوورەوە، لە سەر پێپلیکانەکان

گزینگی بەیان خۆ دەکوتێ، خۆ دەکوتێ

بە سەر پەرژینی بەردە بۆری زەریادا

ڕۆژ لە نزیکی دنیا پرشنگ ئەدا

خواگەلی هاوین نزیکن لە خنکان،

لە دووکەڵی دەریایی دا بێهودە دەگەڕێن.

## بۆرموزیکی خاوەژێ

لە ناوەندی مەداری بێدەنگیدا

لە ژێر قەڵەشە هسەهۆڵدا،

بە هاژە و گرفە، تل دەدا

زەریای بێ سنوور بەرەو ڕووناکی.

لە گێرەی قەوزەدا،

چاوبەستە هەوسارەکەی خۆی دەجوێ

لە کەفی سەهۆڵبەستدا،

خۆ دەکشێ بەرەو کەنارەی بە رخۆر.

شینەقامیشی خاک تاریکی دەی پۆشێ

قەڵشە سەهۆڵ دەبێتە ئەستێرە ودەوێستێ

کەف دەبێتە سەهۆڵ،و

بەرەو کەنارەی بەرخۆر

بێوچان دەخوشێ زریا بە رەو پێش.

## ئاپریل و بێدەنگی

بەهار خاپوری چارەنوسە

مۆرمەخمەڵی تاریکی بەلامدا

دەخزێتە کەندالێکەوە

بە بێ ئاوێنە نوێنێک

تەنیا شتێکی زەرد ئەدرەوشێتەوە

نێرگزە بەهارەیە

منیش لە سێبەرەکەی خۆم دا

ڕادەگوێزرێم

هەروەکوو کەمانێک

لە جانتا ڕەشەکەی خۆیدا

تەنیا ئەوەی گەرەکمە بێژم

لە دوورەوە دەبروسکێتەوە

چەشن وێنەی زێو

لە جامخانەی بارمتە فرۆشێک دا

## چیرۆکی گەمیەوان

ڕۆژانی وشکە زستانی وا هەیە

ئەودەم داوێنی چیا خزمی دەریایە

بە جیچکانەوە،

خۆداپۆسیو بە پەڕ و پۆی بۆزەوە

کورتە ماوەیەککی لاژوەردی،

ماوەیکیش درێژ لەگەڵ شەپۆل،

وەکوو پشیلە کێوی ڕەنگپەڕیو

بێهودە دەگەڕێ،

چنگگیرکا لە خیزلانی لێوار

لە ڕۆژێکی ئەوتۆدا،

گەلەگەمی نوقم بووش

لە دەریا دەردەکەون و

بە دوای خاوەنەکەیاندا دەگەڕێن.

خاوەنیش لە جارخانەی شاردا داماون

و مەلەوانگەلی خنکاویش،

باریکتر لە دوکەڵی لولە

با، دەیانبا بۆ وشکانی

لە باکوور،

پشیلە ئاژەڵی واقیعی پەنجە تیژ

بەچاوی خولیاوە،

بە ئاواتی تێربون کڕوکاژ دەکەن

لە باکوور،

لەوێ ڕۆژ لە کانی ژێرزەویدادەژی

هەم شەوە و هەم ڕۆژ

لەوێ،

تەنیا ئەوەی زیندووماوە بۆی هەیە

دانیشێ لەبەر کوانوی گزینگی بەربەیان، و

گوێبگرێ لە موزیکی سەهۆڵبەستە.

## ئەندێشەکی تورە

تۆفانێک هێز بە باڵی ئاش دەبەخشێ

کە کێویانە لە تاریکی شەودا بگەڕێ، و

نەبوون بە زمهەڕ بکا

تۆش بە هەمان قانون چاوچڕی خەوی

شەوچرای دەست

ژێر زگی بۆرکوسەی خۆڵەمێشییە

بیرەوەرییکی تەماوی

لە قوڵایی دەریادا نوقم دەبێ

لەوێ دەییەستێ، و

دەبێتە پەیکەرێکی نامۆ

سەوزە خەزە گۆچانی تۆیە

ئەو کەسەی گەڕۆکی دەریابێ پێەو دەگەڕێتەوە.

## بەردەکان

بەردەکانی کە فڕێماندان،

زرمەیان دێتە گوێم، بەردەبنەوە

لە ڕەوتی ساڵیاندا کریستاڵی ڕوونە

لەو دۆڵەدا چاوترووکانێک دەفڕێ

کردەوە سەر لێشێواوەکانمان ،

لەم ترۆپکی دارەوە

بۆئەو ترۆپک  هاواردەکەن

بێدەنگی ناسکتر لە هەوای هەنوکە

وەکوو پۆلی پەرەستو دەخزێن

لەم دوندی چیاوە بۆ

ئەو پەڕی کەژ و کۆ

سنووری دانراو دەبەزێنن

تا دەهەنە پێدەشی بەرین.

لەوێ هەموو کردەوەکانمن لە سەرمان دەکەون

کریستاڵی ڕوونە دژ بە هیچ بنێک بێجگە لە خۆمان

**تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer**

**و لە سوێیەوە: ڕەحمانی سۆفی**

## پەیوەندی

بڕوانە ئەو دارە بۆزە!

ئاسمان لە تێکوڵەکانییەوە باریوەتە زەوی

کاتێ کە زەوی خواردییەوە

تەنیا ئاسمانێکی وشکەڵاتو ماوەتەوە.

فەزای دزراو لە هۆنینەوی ریشەدا

دەچەرخێ بۆ سەوزەڵانی

ئەو کورتە چاوتروکانە ئازادییە،

کە لە خۆمانەوە هەڵدەچێ

لە خوێنی خواژنی ئەفسانەوە،

گێژ و خول دەخواو، و بەردەوامە